


# له خولی یانه پاڵـــ

# یانەی هەولێر دەبێتە میوانی یـــ

ئا: ڕێبین ڕەمزی

لەمیانـــی یارییەکانی جەولـــەی (٣)یەمی خولی یانـــە پاڵەوانەکانی ئاسـیا، ڕۆژی چوارشـــەممە و لە یارییەکـــی گرنگ و چارەنوسســـازدا یانـــەی هەولێر لە گەشـــتێکی دوورو درێـــژدا دەبێتـــە میوانی یانەی باختاکـــۆری ئۆزبەکســـتانی کە یەکێکە لـــە یانە هەرە بەهێزەکانی ئۆزبەکستان و ئاسیا کە چەندین دەستکەوتی گرنگـــی بە دەســـت هێناوە، گەر باســـی یانەی هەولێر بکەین ئەوە یاریزان لوئەی ســـەلاح دەتوانی بەشداری لەم یارییە بکا دوای ئەوەی ئیســـتغنای نێودەوڵەتی وەرگرت و هەروەها یاریزان ســـەرهەنگ موحســـین لە پێکانەکی چـــاك بۆتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا یانەی هەولێر چەند یاریزانێکی تووشی پێکان هاتووە وەك یاریزان شوان مامۆ کـــە پێکانەکی تۆزێك ســـەختەو ناتوانـــی یاری بکات.

هەروەها هەردوو یاریزان دارا محەمەد و کارزان تووشی پێکانێکی ســـووك هاتوون و بەشـــداریکردنیان لەم یارییە لەســـەر ڕەزامەندی ڕاهێنەر و پزیشـــکی یانە ڕادەوستێ، لـــە بەرامبەردا یانەی بەختاکـــۆری ئۆزبەکی یەکێك لە گرنگتریـــن یاریزانەکانی لە هێڵی بەرگری لە دەســـت دەدا دوای ئەوەی لە یـــاری بەرامبەر یانەی غەرافە بە کارتی ســـوور دەرکرا، جێگای باسە یانەی ئاختاکۆر لە ساڵی ١٩٥٦ دامەزراوە لە شـــاری تەشقەندی ئۆزبەکی و ســـەرۆکی یانە سامڤێل بابڤانە و ڕیزبەندی لە باشترین یانەکانـــی جیهان لە پلـــەی (١٨٨) دێت بە پێی دوایین ڕێزبەندی فیفا کە لە مانگی (٢) ئەم ســـاڵ ئاشکرا کرا لە هەمان جەولەدا یانـــەی قوە جەویە میوانداری یانەی سایبای ئێرانی دەکات ئەم یارییەش بۆ یانەی قوە جەویە زۆر گرنگـــە بۆ ئەوەی لە پێشـــەنگی کۆمەڵەکەی بـــەردەوام بێت،ئەمـــەی خوارەوەش خشـــتەی یارییەکانە لەگەڵ ڕێزبەندی کۆمەڵەکان.



# ـــــەوانەکانی ئاسیا

# ـــــانەی باختاکۆری ئۆزبەکستانی

**کۆمەڵی یەکەم**

لەم کۆمەڵەیە ڕەکابەرییەکی یەکجار بەهێز هەیە لە نێوان سێ یانە ئەویش یانەکانی ئیتحادی سعودی و ئیتحادی سوری و کۆرۆ فتچی ئۆزبەکستانی، ئەمەش خشتەی یارییەکانی ئەم کۆمەڵەیەیە.

سیبهان ئەسفهان ئێران — ئیتحاد سعودیە

ئیتحاد سوریا —کۆرۆ فتچی ئۆزبەکستان

**ڕیزبەندی کۆمەڵی یەکەم**

١- ئیتحاد سعودیە ٦ خاڵ

٢- ئیتحاد سوریا ٣ خاڵ

٣- کۆرۆ فتچی ئۆزبەکستان ٣ خاڵ

٤- سیبهان ئەسفهان ئێران سفر خاڵ

**کۆمەڵی دووەم**

لەم کۆمەڵەیە ڕەکابەرییەکی بەهێز هەیە لە نێوان هەردوو یانە قوە جەویە و یانەی سایبای ئێرانی کە هەردوو یانەی چوار خاڵیان هەیە و ڕۆژی چوارشەممە هەردوو یانە ڕووبەرووی یەکتر دەبنەوە، ئەمەش خشتەی یارییەکانە

قوە جەویە — سایبا ئێران

وصل ئیمارات — کوێت کوێتی

**ڕیزبەندی کۆمەڵی دووەم**

١- سایبا ئێران ٤ خاڵ

٢- قوە جەویە عێراق ٤ خاڵ

٣- کوێت کوێتی ٢ خاڵ

٤- وصل ئیمارات سفر خاڵ

**کۆمەڵی سێیەم**

لە لووتکەی یارییەکانی ئەم کۆمەڵەیە یانەی سدی قەتەری مێوانداری یانەی کەرامەی سوری دەکات گرنگی یارییەکە لەوەیە هەردوو یانە لە پێشەنگی کۆمەڵەکەیان دێن بە چوار خاڵ، ئەمەی خوارەوەش خشتەی یارییەکانە.

سد قەتەر - کەرامە سوریا

ئەهلی سعودیە — وەحدە ئیمارات

**ڕیزبەندی کۆمەڵی سێیەم**

١- کەرامە سوریا ٤ خاڵ

٢- سد قەتەر ٤ خاڵ

٣- ئەهلی سعودیە ١ خاڵ

٤- وەحدە ئیمارات ١ خاڵ

**کۆمەڵی چوارەم**

لەم کۆمەڵەیە هەر چوار یانە ڕەکابەری دەکەن بۆ ئەوەی سەرکەون بۆ قۆناغی داهاتوو، ئەمەی خوارەوەش خشتەی یارییەکانی ئەم کۆمەڵەیەیە.

باختاکۆر ئۆزبەکستان — هەولێر

قادسیە کوێت — غەرافە قەتەر

**ڕیزبەندی کۆمەڵی چوارەم**

١- قادسیە ٤ خاڵ

٢- غەرافە قەتەر ٢ خاڵ

٣- هەولێر ٢ خاڵ

٤- باختاکۆر ئۆزبەکستان ١ خاڵ

ئەمەی خوارەوەش خشتەی گۆڵکارەکانی ئەم پاڵەوانیەتییە تا ئێستا.

١- مارکیتۆس لە یانەی کاشیما ئەنتلرزی ژاپۆنی ٤ گۆڵ

٢- دو وین هۆی لە یانەی گوان پەکینی چینی ٣ گۆڵ

٣- یۆزۆ تاشیرۆ لە یانەی کاشیما ئەنتلرزی ژاپۆنی ٣ گۆڵ

٤- ماساشتی مۆتۆیۆمۆ لە یانەی کاشیما ئەنتلرزی ژاپۆنی ٢ گۆڵ

٥- ئیمێرسۆن لە یانەی سدی قەتەری ٢ گۆڵ









## ئایا فێرگسۆن دوای سێ ساڵی دیکە واز دەهێنێ

چاودێران وای بۆ دەچن کە ئەمە توندترین لێدوانی ئەلێکس فێرگسۆنە کە یەکەمین جارە بەراشکاوی دەڵێ بەنیازم بە یەکجاری وازبهێنم و خۆم خانەنیشین بکەم، بەڵام پاش سێ ساڵی دیکە کە دەبێتە (٢٥) ساڵ خزمەتم لەگەڵ ئەو یانەیە کردووە، فێرگسۆن زیاترین راهێنەرە لە مێژووی خولی ئینگلتەرە کە کاری کردبێ و ژمارەی پێوانەیشی هەیە لە بە دەستهێنانی نازناوەکان، لە وەڵامی پرسیارێکی دەزگاکانی راگەیاندن کە دوای خۆی کام راهێنەر جێگەی دەگرێتەوە فێرگسۆن گوتی: کارلۆس کیرۆش یاریدەرێکی زۆر باشی من بوو هەر ئەویش یەکەمین پاڵێوراو دەبێت، بەڵام بریاری کۆتایی بۆ سەرۆك و ئەندامانی دەستەی کارگێڕی یانەی مانچستەر دەبێت.







# له خولی پله نایابه‌كانی كوردستان
# كه‌ركووك و دهۆك میوانداری هه‌ولێر و سلێمانی ده‌كه‌ن

له میانی یارییه‌كانی جه‌وله‌ی پێنجه‌مینی قۆناغی دووه‌می خولی یانه پله نایابه‌كانی كوردستان له تۆپی پێ ئه‌مرۆ و سبه‌ی هه‌شت یاری گرنگ و چاره‌نووسساز ئه‌نجام ده‌درێ، ئه‌مه‌ی خواره‌وه‌ش خشته و ئه‌نجامی یارییه‌كانی قۆناغی یه‌كه‌م و شوێنی یارییه‌كانه.

پێرس - ئاسۆ   یاریگای پێرس   ٢-١
كه‌ركووك — هه‌ولێر   یاریگای كه‌ركووك   ١-١
دهۆك — سلێمانی   یاریگای دهۆك   ٠-١
پێشكه‌وتن — هه‌ندرێن   یاریگای شه‌هیدان   ٢-٢
بروسك — زاخۆ   یاریگای بروسك   ٠-١
پێشمه‌رگه‌ی هه‌ولێر — هه‌ڵۆ   یاریگای پێشمه‌رگه‌ی هه‌ولێر   ٢-٠
ئه‌زمه‌ر — ئارارات   یاریگای سیروانی نوێ   ١-١

هه‌روه‌ها رۆژانی پێنجشه‌مه و هه‌ینی داهاتووش جه‌وله‌ی شه‌شه‌می هه‌مان قۆناغ ئه‌نجام ده‌درێ ئه‌مه‌ی خواره‌وه‌ش خشته و ئه‌نجامی یارییه‌كانی قۆناغی یه‌كه‌م و شوێنی یارییه‌كانه.

ئاسۆ — كه‌ركووك   یاریگای ئاسۆ   ٢-٢
دهۆك — پێرس   یاریگای دهۆك   ١-٠
هه‌ولێر — پێشكه‌وتن   یاریگای شه‌هید فرانسۆ یه‌ك   ٢-١
سلێمانی — پێشمه‌رگه‌ی سلێمانی   یاریگای سلێمانی   ٠-١
هه‌ندرێن — بروسك   یاریگای شه‌هید فرانسۆ دووه‌م   ٢-٢
سیروانی نوێ — پێشمه‌رگه‌ی هه‌ولێر   یاریگای سیروانی نوێ   ٠-١
زاخۆ — ئه‌زمه‌ر   یاریگای زاخۆ   ٠-٠
هه‌ڵۆ — ئارارات   یاریگای بلێ   ٠-٢

ئه‌مه‌و گشت یارییه‌كانی ئه‌م دوو جه‌وله‌یه كاتژمێر ( ٣)ی پاش نیوه‌ره‌ۆ ئه‌نجام ده‌درێ.



## جۆستان هینان باشترین یاریزانه

یەکێتی یاریزانە پیشەگرەکانی جیهانی لە تێنسی سەر زەوی لە بەیاننامەیەکیدا رایگەیاند کە کچە یاریزانی بەلجیکی جۆستان هینان بە باشترین یاریزانی تێنسی سەر زەوی جیهانی لەسەر ئاستی ئافرەتان بە جیاوازییەکی زۆر بە پلەی یەکەم هات، هینان ئەمە دووەمین جارە ئەم نازناوە وەردەگرێ دوای ئەوەی ساڵی ( ٢٠٠٣) بۆ یەکەمین جار وەریگرت هینان لە کۆی ( ١٤ ) پاڵەوانی گەورە توانیوویەتی (١٠) نازناوی لێ بباتەوە.

## جارێكی دیكه شه‌ڕو ئاژاوه یاریگاكانی كوردستان ده‌گرێته‌وه

ئێمه چه‌ندین جار له رووی فایلی وه‌رزشی ئه‌م گۆڤاره باسمان له ئاژاوه و ئاژه‌وگێڕان كرد له نێو یاریگاكانمان و داوامان كرد به په‌له چاره‌سه‌ری بۆ بكرێ و یاریگاكانمان له ئاژاوه‌گێڕان پاك بكه‌ینه‌وه، ئه‌وه‌تا ئه‌مجاره‌ش ده‌ستی چه‌په‌ڵی ئاژاوه‌گێڕان گه‌یشته نێو یاریگاكانمان ، به نیازی ئه‌وه‌ن خه‌ونه چه‌په‌ڵه‌كانیان له رێگای وه‌رزش بهێننه دی، به‌ڵێ ئه‌مجاره‌یان زۆربه‌ی زۆری یاریگاكانمانی گرته‌وه له یاریگای شه‌قڵاوه و له نێوان هه‌ردوو یانه‌ی شه‌قڵاوه و ده‌ربه‌ندیخان ئاژاوه دروست بوو گه‌یشته راده‌ی ئه‌وه‌ی شه‌ڕ و ئاژاوه كه‌وته ده‌ره‌وه‌ی یاریگا و جاری دووه‌میش شه‌ر كه‌وته یاریگای پێشمه‌رگه‌ی هه‌ولێر له پیرمام و له یاری نێوان شه‌قڵاوه و كۆیه و جاری سێیه‌میش له یاریگای سمێل بوو له نێوان هه‌ردوو یانه‌ی گاره و سه‌وره بوو كه ناوبژیوان فیكه‌ی ته‌واوبوونی یاری لێدا و پێی وا بوو پیرۆزباییان لێ ده‌كرێ، به‌ڵام له جیاتی رێز و سوپاس له لایه‌ن یاریزانان و جه‌ماوه‌ری وه‌رزشی یانه‌ی گاره درانه به‌ر دار و به‌رد و شه‌ق تا گه‌یشته راده‌ی ئه‌وه‌ی چه‌ندین شوێنی ناوبژیوانان تووشی شكست هات و سووكایه‌تیان پێكردن، دوا ئاژاوه‌ش له خولی نایابی كوردستان له نێوان هه‌ردوو یانه‌ی سلێمانی و سیروانی نوێ بوو، كه دوای ته‌واو بوونی یاری ناوبژیوانانیان جارێكی دیكه تووشی هێرشێكی دڕندانه‌ی جه‌ماوه‌ری وه‌رزشی سلێمانی بوون كه به بێ هیچ هۆ ناوبژیوانان به‌رد باران كردوو، قسه‌ی ناشیرین و دوور له خۆره‌وشتی وه‌رزشیان ئاراسته كردن، به‌ڵێ دوای ئه‌م رووداوانه یه‌كێتی ناوه‌ندی تۆپی پێی كوردستان كه‌وته خۆی و چه‌ند بڕیاری توندی ده‌رباری ئاژاوه‌چیان ده‌ركرد، به هه‌رحال ئه‌مه چاره‌سه‌ر نییه به‌ڵكۆ دابینكردنی پاسه‌وانی تایبه‌ت بۆ یاریگاكان ده‌بێته رێگر و به‌ربه‌ست بۆ ئه‌وانه‌ی كه ده‌یانه‌وێ یاریگاكانمان گلاو بكه‌ن و ئاژاوه دروست بكه‌ن و داواش له به‌رپرسانی وه‌رزشی ده‌كه‌ین كه به هیچ شێوه‌یه‌ك نه‌رمی له‌گه‌ڵ ئاژاوه‌گێڕان نه‌نوێنن سزای توندتریان بده‌ن و بیان كه‌نه نموونه بۆ ئه‌وانه‌ی كه بیر له‌و كاره تێكده‌ریانه ده‌كه‌نه‌وه.

# پێکانی میسی و گەڕان بە دوای تاوانبار



لــە دەقــەی (٣٤) ئەســتێرەی یانەی بەرشلۆنە لیونێل میسی بەنیاز بوو یەکێك لە یاریزانەکانی هێڵی بەرگری یانەی سیلتیك ببڕی، بەڵام لە شوێنی خۆی وەستاو دواتر کەوتە خوارەوە و دەستی بــە هاوار کرد و دواتر دەستەی پزیشکی بۆ چارەسەرکردنی هاتە نێــو یاریگا، بەڵام بێ ســوود بوو، میســی بە ناچاری و چاوی پڕ لە گریان و فرمێسك یاریگای جێهێشت و پێشوازی جەماوەریش بە چەپڵە ڕێزان دادی نەداو لە غەمەکانی کەم نەکردەوە، میسی گریانی بۆ پێکانی نەدەهات بەڵکۆ گریانی بۆ ئەوە دەهات کە پێکانەکەی لە هەمان شوێنی پێشتری تووشی پێکان بوویتەوە کە پێشتر زیاتر لە (٥) هەفتە دوور کەوتبۆوە میســی پێشتر بەهۆی چارەسەرکردن چووە ئەرژەنتین ئێســتا لە ئیسپانیا بەردەوامە لە چارەسەر کردن، دەستەی پزیشــکی کە چاودێری میســیان دەکرد چەند جارێك ئامۆژگاریــان کرد کە پەلە نەکات لــە گەرانەوە چونکە زیانی پێدەگات، پێکانی میسی ڕاهێنەر ریکاردی نیگەران کرد و خۆی بە تاوانبار دەزانــی بەرامبەر ئەو پێکانەی کە تووشــی میســی هاتەوە لەبەر ئەوەی باری دەروونی بــاش نەبوو و ناچاری کرد کە یاری بکات، لە لایەکی دیکەوە کارلۆس پویل کاپتنی یانەی بەرشلۆنە هۆی پێکانی خستە ئەستۆی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەبەر ئەوەی هێرشێکی توندیان دەکردە سەر ریکارد و داوایان لێدەکرد کە چیتر میســی لەسەر کورسی یەدەك دانەنیشی و یاری پێ بکات، ئەوە بوو ڕێکاردیش بەناچــاری و بەهۆی پاڵەپەســتۆی دەزگاکانی ڕاگەیاند یاری بە میســی کرد و تووشــی ئەم کارەســاتە هات کە خۆی دەبێ باجەکە بداتەوە، هەروەها گوتی پێکانی میســی بووە دەرســێك بۆ ئەو کەســانەی مل کەچی ڕاگەیاندن دەبن بۆ بەشداریکردنی هــەر یاریزانێك کە باری دەروونی بــاش نەبێت لە یارییەکان، لە کۆتایشــدا پویل تەئکیدی کردەوە کە دەبــێ ڕاهێنەرەکان ڕێز لە ئامۆژگارییەکانی دەســتەی پزیشــکی بگرن کە چاودێری هەر یاریزانێك دەکرێ.

### لەمیانی یارییەکانی خولی ئیسپانیا

## ریال مەدرید و ئەلمریا میوانداری هەردوو یانەی مۆرسیا و ڤیاریاڵ دەکەن

لەمیانــی یارییەکانــی هەفتەی ( ٣٢ )ی خولی ئیســپانیا ڕۆژانی شــەممە و یەك شــەممە چەندین یاری گرنگ ئەنجام دەدرێ کە گرنگتریان یانەی ریال مەدرید میوانداری یانەی ریال مۆرســیا دەکات، هەروەها یانەی ڤیاریاڵ دەبێتە مێوانی یانەی ئەلمریا ئەمەی خوارەوەش خشتەی یارییەکانی ئەم هەفتەیەیە.

ئەلمریا – ڤیاریاڵ
ریال بێتس – لیڤانتێ
دیڤرتیڤۆ لاکرۆنیا – ئەتلتیك بلباو
ئیسپانیۆل – ئۆساسۆنا
خیتافی – ریال زەرگۆزا
مایۆرکا – ئیشبیلیە
ریال مەدرید - مۆرسیا
ریکریاتیڤۆ هۆیلفا – بەرشلۆنە
ڤالنسیا – رایسینگ سانتندێر
بەلەد وەلید – ئەتلتیکۆ مەدرید



### لە لووتکەی یارییەکانی خولی پلە نایابەکانی ئینگلیزی

## یانەی مانچستەر یۆنایتد مێوانداری یانەی ئەرسناڵ دەکات

لەمیانی یارییەکانی جەولــەی (٣٤)ی خولی پلە نایابەکانی ئینگلیزی ڕۆژانی شەممە یەك شەممە و دووشەممە چەندین یاری گرنگ ئەنجام دەدرێ کە گرنگتریان یانەی مانچســتەر یۆنایتد میوانداری یانەی ئەرســناڵ دەکات کە لەم یارییە چارەنووســی پاڵەوانــی خولی ئینگلیزی تا ڕادەیەك بــە دیاردەکەوێ، ئەمەی خوارەوەش خشتەی یارییەکانی جەولەی (٣٤)ە.

**یارییەکانی ڕۆژی شەممە**
بێرمنگهام سیتی – ئێڤرتۆن
بۆڵتۆن – وێست هام یۆنایتد
دێربی کاونتی – ئەستۆن ڤێلا
بۆرتسمۆس – نیوکاسیل یۆنایتد
ریدینگ – فۆلهام
سەندرلاند – مانچستەر سیتی
تۆتنهام - میدلزبرە

**یارییەکانی ڕۆژی یەك شەممە**
لیڤەرپوول – بلاکبێرن ڕۆڤرز
مانچستەر یۆنایتد – ئەرسناڵ

**یارییەکانی ڕۆژی دووشەممە**
چێڵسی – ویگان



## ناوەندی باڵای کەرکووک نازناوی حەوتەمین خولی بارزانی نەمری بەرزکردەوە

لە ژێر چاودێری ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتــی هەرێمــی کوردستان و بە ئامادەبوونی نەجــات باپیر ســکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســتان و چەندیــن بەرپرسی دیکەی حزبی و حکوومــی و جەماوەرێکی زۆری وەرزش دۆســت لە یاریگای شەهیدان کۆتایی بە حەوتەمین خولی بارزانی نەمر لە تۆپی پێ هات کە لە لایەن بەشــی وەرزشی ئەنجوومەنــی کارگێــری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســتان سەرپەرشــتی دەکرا تیاییدا ناوەندی باڵای کەرکووکی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان توانی ئەم نازنــاوە بباتەوە دوای ئەوەی لە یاری کۆتایی بە ئەنجامی (-٤ سفر) گۆڵ لــە لێژنەی سەرپەرشــتی مێرگەســۆری بــردەوە و یارییەکەش سەرکەوتووانە لە لایەن ناوبژیوانان محەمەد حوســین و کاکەمین قادر و ئیبراهیــم عەبدوڵــڵا و مەحمــود زەنون بەڕێوەچوو لە کۆتایشدا خەڵات بەسەر تیپــە ســەرکەوتووەکان و ناوبژیوانــان و دەزگاکانی ڕاگەیانــدن دابەشــکرا، جێگەی باســە ئــەم خولە (١٦) تیپ تیاییدا بەشدار بوون.

## بیدی مۆراتی جێگری سەرۆکی یانەی ئەنتەر میـ

# ئێمە لە هەموو یانەکان باشترین شایستەی نـ





***بیدی مۆراتی بەناوبانگترین ئافرەتی وەرزشوانە لە نێوەندی وەرزشـــی ئیتاڵیا و ئەوروپا و جێگری سەرۆکی یانەی ئەنتەر میلانی ئیتاڵیە، بیدی خوشکی سەرۆکی یانەی ئەنتەر میلان ماسیمۆ مۆراتیە و کچی ئەنجیلۆ مۆراتیە کە توانیوویەتی ئەم یانەیە لە شەســـتەکان بگەیێنێتە لووتکە، لەکاتی سەردانەکەی بۆ دوبەی گۆڤاری سوپەری ئیماراتی ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ســـازدا ئێمـــەش لەبەر گرنگـــی دیمانەکە بەباشـــمانزانی بۆ خوێنەرانی ئازیزی بڵاو بکەینەوە.***

***ئـــەو بنەماڵانەی کە خاوەنی یانەیەکە لە ئیتاڵیا بە مافیا ناوزەندیان دەکەن ئێوە چی دەڵێن؟**

- گەر هاتوو ئەم ناوە هەموو کەسێك بگرێتەوە ئێمە پێشوازی لێدەکەین، بنەماڵەی مۆراتی زیاتر لە ( ٪٩٠ )ی خاوەنی ئەم یانەیە و زیاتر لە (٦٠٠) ملیۆن یۆرۆی لێ ســـەرفکردووە ئێمە لە دڵی رەنگی شـــین و رەشـــدا دەژین کە درێسی یانەکەمانە، ئەوەی پارە ســـەرف بکات و چاوەروانی داهاتیشە راستە داهات زۆر گرنگ نییە بەڵکو ســـەرکەوتن و بە دەستهێنانی نازناو لە هەمووی گرنگترە.

*** ئایا ئەمە راستە کە تۆ بەشداری لە بڕیارە ترسناکەکانیش دەکەی؟**

- مـــن ئەندامێکی ســـەرکی ئەم یانەم بۆیـــە مافی خۆمە بەشداری لە گشت بڕیارەکان بکەم کە لە بەرژەوەندی یانەکەمانە و تەدەخولی کەس ناکەم، بەڵام رای خۆم دەبێت لە بڕیارەکان.

*** پارســـاڵ قســـە لەســـەر ئەوە هەبوو کە یاریـــزان فیگۆ دەچێتە یانەی ئیتحاد جدەی ســـعودی، بەڵام تۆ لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا گوتت نابێت بچێت؟**

- بەڵێ، ئەمە راستە من لە وڵاتی بەحرێن بووم کە وتووێژ لە نێوان بریکاری کارەکانی یاریزان فیگۆ و یانەی ئیتحادی جدە دەستی پێکرد، من گوتم نابێ بڕوات ئێمە پێویستمان پێی هەیە و تا ئێستاش لای ئێمە ماوە.

*** ئەنتەر میلان پاشەکشـــێی لە ریزبەنـــدی دەوڵەمەندترین یانەکانی جیهانی کرد و گەڕایەوە پلەی حەوتەم؟**

- ئەنتەر لـــەو یانە ئەوروپیانەیە کە پارەیەکی زۆر ســـەرف دەکات، ئـــەوەش بۆ ئێمە شـــەرم نییە ئێمە هـــەوڵ دەدەین لە دەوڵەمەندترین ( ١٠ ) یانەی جیهانی دانەبەزین.

*** قســـە و گلەیی لەسەر یانەکەتان دەکرێ کە لە ماوەیەکی کـــەم ( ١٠ ) راهێنەرتان گۆریە و بۆندتـــان لەگەڵ زیاتر لە (١٠٠) یاریزان مۆر کردووە؟**

- سیاســـەتێکی ئاشـــکرامان هەیە کە ئەنجوومەنی یانەی ئەنتەر میلان دایڕشـــتووە و هەموو بڕیارێکیش بە کۆی دەنگ دەبێت.

*** ماســـیمۆ مۆراتی برات بە دیکتاتۆر ناوەزەند دەکەن، تۆ چی دەڵێت؟**

- ئـــەم تومەتـــە بە تاڵە و لـــە راســـتی دوورە و ئەو بڕیارە گەورانەی ماســـیمۆ مۆراتی وەری دەگرێ گشت ئەندامانی یانەکەمان بەشداری لێ دەکەن و براشم زیاتر لە ( ٦٠٠ ) ملیۆن یۆرۆی سەرفکردووە.

*** ئەنتەر میلان جیاشـــنتۆ فاکیتی یاریزان و ســـەرۆکی لە دەســـتدا، نەبوونی ئەو کەســـایەتیە کار ناکاتە سەر کەسایەتی بنەماڵەی مۆراتی؟**

- ناخۆشترین بیرەوەریە لە دەستدانی فاکیتی زیانێکی گەورە بوو بۆ ئێمە کە توانی چەندین دەســـکەوت و نازناو وەربگرێ لە شەستەکان و بیرەوەرییەکانی لە مێشکی ئێمە هەر دەمێنێ.

*** ئەنتەر میلان ماوەی سێ ساڵە کۆنترۆڵی خولی ئیتاڵیای کردووە، ئایا ئەمە بۆ دابەزینی یانەی یۆڤانتس بۆ پلە دووەکان دەگەرێتەوە؟**


- بـــە بوونی یان نەبوونی یۆڤانتســـیش بێـــت ئەنتەرمیلان یانەیەکی بەهێزی ئیتاڵیایە، حەزیشـــمان دەکـــرد یۆڤانتس لە خولی پلە یەك بمینێ و ئێمە لە هەموویان باشترین و شایستەی

## لەمیانی یارییەکانی خولی هۆڵەندا ئایندهۆڤن میوانداری تڤینتی دەکات

لەمیانـــی یارییەکانـــی هەفتەی (٣٣)ی خولی هۆڵەنـــدا رۆژی یـــەك شەممە یانەی ئایندهۆڤن میوانداری یانەی تڤینتی دەکات و یانەی ئەجاکس ئەمستردام دەبێتە میوانی یانـــەی گرۆنیگـــن، ئەمـــەی خـــوارەوەش خشـــتەی یارییەکانی ئەم هەفتەیەیە.

**یارییەکانی رۆژی یەك شەممە**

دی گرافشاب - ئۆترێخت
ئەکسیلسیۆر - ئەلکمار
گرۆنیگین - ئەجاکس ئەمستردام
هیراکلیس - برێدا
نیمیگن - فیتیسە ئەرنێهم
ئایندهۆڤن - تڤینتی ئەنشکیدە
رۆدا کیرکرادە - فی فی فی
سپارتا رۆتردام - هێرنیڤین
فیلیم ٢ تیلبۆرگ -



## ــــلانی ئیتاڵی
## ــــازناوەکەشین



نازناوەکەشین.

*** دەڵێن ئەنتەر میلان بیر لە هێنانی میسی دەکاتەوە و نامەش لە نێوانتان بەردەوامە، دەکرێ بزانین لە وەرزی داهاتوو میسی لە نێو یانەکەی ئێوە دەبینین؟**

- کێ حەز ناکە میسی یاری بۆ بکا، هەوڵ دەدەین بۆندێك پێشکەش بە بەرشلۆنە بکەین، ئەمەش نهێنی نییە بەڵکو بە ئاشکرا ئەم کارە دەکەین.

*** ئەی چی هەیە لەسەر کاکا؟**

- بیرمان لە ئەستێرەی بەرازیلی نەکردۆتەوە چونکە بۆندێکی درێژی لەگەڵ میلان هەیە؟

*** رۆناڵدۆ خۆشحاڵ نەبوو کە ئەنتەری جێهێشت؟**

- ئەمە نازانم لەوانەیە کێشەی لەگەڵ راهێنەر هەبوبێت

*** پەیوەندیتان لەگەڵ رکابەری سەرکیتان میلان چۆن بوو؟**

- پەیوەندییەکی باش بوو و هیچ دوژمنداریيەك لە نێوانمان نەبوو وەك خەڵك باسیان لێ دەکرد، بەڵام رکابەریمان لە چوار چیوەی وەرزشی بوو و هەردووکمان تەواوکەری یەکدی بووین و لە لووتکەی خولی ئیتاڵیاین.

*** دەڵێن تۆ شوێنی پەنجەت لە هونەر و رۆشنبیریش هەیە؟**

- من وەرزشوان و هونەرمەند و رۆشنبیرم، شانۆیەکم لە رۆما بەناوی باوکم دروست کرد کە زۆر کاری شانۆییمان ئەنجامدا هەر هەموویان پێشکەش بە گیانی پاکی باوکم دەکەم.

*** دەکرێ بزانین لە وەرزی داهاتوو بۆ گواستنەوەی یاریزانان هیچ شتێکی چاوەڕوان نەکراو هەیە؟**

- بەڵێ ئەنتەر زۆر شتی هەیە لە کاتی خۆی رادەگەیەنرێ.

*** ئایا ئەو ناوانە رۆناڵدینهۆی تێدایە؟**

- ئەستێرەی بەرازیلی ناوی لەو لیستە پێشنیار کراوە کە دەمانەوێ لەگەڵ چەندین ئەستێرەی دیکە بۆندیان لەگەڵ مۆربکەین.



### لەمیانی یارییەکانی خولی ئەڵمانیا

## یانەی ڤێردەر برێمن و بایرەن میونیخ میوانداری یانەکانی شاڵکە و بروسیا دۆرتمۆند دەکەن

لەمیانی یارییەکانی هەفتەی (٢٨)یەمی خولی ئەڵمانیا کە رۆژانی هەینی، شەممە، یەك شەممە ئەنجام دەدرێت کە تیاییدا سێ یاری یەکجار گرنگ ئەنجام دەدرێت، ئەویش یانەی ڤێردەر برێمن میوانداری یانەی شاڵکە دەکات، هەروەها یانەی بایرەن میونیخ میوانداری یانەی بروسیا دۆرتمۆند دەکات و یانەی بایرەن لیڤەرکۆزن میوانداری یانەی شتۆتگارت دەکات، ئەمەی خوارەوەش خشتەی یارییەکانی ئەم هەفتەیەیە.

**یارییەکانی رۆژی هەینی**
نۆرنبێرگ – ڤۆلسڤۆرگ
**یارییەکانی رۆژی شەممە**
بۆخۆم – هێرتا بەرلین
ئینرجی گۆتبۆس – ئەرمینیا بیلیفێلد
هامبۆرگ - دۆیسبۆرگ
هانۆڤر – ئینتراخت فرانکفۆرت
کارلسروهر – هانزا رۆستۆك
ڤێردەر برێمن – شاڵکە
**یارییەکانی رۆژی یەك شەممە**
بایرەن میونیخ – بروسیا دۆرتمۆند
بایرەن لیڤەرکوزن – شتوتگارت

## لە لووتکەی یارییەکانی خولی ئیتاڵیا یۆڤانتس میوانداری ئەی سی میلان دەکات

لەمیانی یارییەکانی هەفتەی (٣٣)ی خولی ئیتاڵیا کە رۆژانی شەممە و یەك شەممە ئەنجام دەدرێت و لە لووتکەی یارییەکاندا یانەی یۆڤانتس میوانداری یانەی ئەی سی میلان دەکات، ئەمەی خوارەوەش خشتەی یارییەکانی ئەم هەفتەیە.

**یارییەکانی رۆژی شەممە**
جەنەوا – تۆرینۆ
یۆڤانتس – ئەی سی میلان
**یارییەکانی رۆژی یەك شەممە**
ئیمپۆلی – پارما
لازیۆ – سیینا
لیڤۆرنۆ –کالیاری
ناپۆلی – ئەتلەنتا
پالێرمۆ –کاتانیا
ریجینا – سمبدۆریا
ئۆدونیزی – رۆما
ئەنتەر میلان – ڤیرۆنتینا



## لەمیانی یارییەکانی خولی فەرەنسا لیۆن و بۆردۆ میوانداری رین و کان دەکەن

لەمیانی یارییەکانی هەفتەی (٣٣)یەمی خولی فەرەنسا کە یارییەکان رۆژانی شەممە و یەك شەممە ئەنجام دەدرێت کە تێیدا چەندین یاری گرنگ ئەنجام دەدرێت ئەمەی خوارەوەش خشتەی یارییەکانی ئەم هەفتەیەیە.

**یارییەکانی رۆژی شەممە**
لیۆن – رین
لۆمان – ئۆکسێر
لیل – نانسی
لۆریان – لانس
میتز – مەرسیلیا
مۆناکۆ – تۆلوز
سۆشو – سانت تیان
ڤالنسیان –ستراسبۆرگ
**یارییەکانی رۆژی یەك شەممە**
بۆردۆ – کان
پاریس سان جێرمان – نیس

